کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:33 12-6-2007

# خیانەتەکانی یەکێتی و پارتی، پێناسەی خیانەتە بۆ بڵند نەورەس!!! ... هێمن جمال

ئەڵمانیا / بریمین
Hemn_jamal74@yahoo. com



زۆر سەیرم لێ دێت کاتێك نوسەرێك دێت وە خۆی بە نوسەر دەزانێت، زۆر بە رەها پشتگیری لە دەسەڵات یان پارتێك دەکات، وە لەهەمان کاتیشدا بەشێوەیەکی رەها پارتێك یان لایەنێکی تر دەدات بە زەویدا..

لە نوسینەکەی بڵند نەورەس دا لە سایتی کوردستان نێت (ئیسلامی سیاسی یەکگرتوو وەك نمونە) وێرای ئەوەی کە کاك نورس زۆر هاتووە بە کەش و باڵی خۆیدا و واپیشان ئەدات کە ئەو لەسەنگەرێکدایە کە کەس ناتوانێت شان لە شانی قەڵەمەکەی بدات بەڵام بەخۆی نەزانیوە کە نوسینەکانی سەرجەم پان کردنەوەیە بۆ ئەم و ئەو..

سەیرم لەوەدێت لە نوسراوەکەیدا چونکە من ئەو نوسینەی ئەو بەبات ناوزەد ناکەم بەڵکو بە نوسراو، چونکە بۆ دڵخۆش کردن و خەڵك رازی کردن و ئافەرم وەرگرتن ئەوەی نوسیوە، ئەگەر وا نەبێت، لەگەڵ رێزم بۆ کاك نەورەس، مەگەر یان 16 ساڵە نوستبێت وە یاخود خۆی لە خەتی گێلی دابێت، یان قورقشمی کردبێتە گوێچکە و چاوەکانی نوقاندبێت..

پێش ئەوەی وەڵامی بدەمەوە پێم خۆشە بزانێت کە چەند ساڵ من ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووم و باوکیشم لە پێشمەرگە دێرینەکانی خەباتی شاخ و رزگاری گەلەکەم بووە هەرلەو پێناوەیشدا شەهید بووە، سەرجەم ئەوانەیش بە شانازیەوە لە بەرۆکم دەدەم، بەڵام هیچێك لەوانە چاوم کوێر ناکات کە راستیەکان وەك خۆی نەخەمە روو، وەیاخود هیچێك لەوانە وام لێ ناکات کە کەسایەتی خۆم لەدەست بدەم و خزمەتی کەسانی تربکەم لە پێناو ئافەرم و دوو پولی قەڵبدا..

بەرێزی باس لە خیانەت دەکات، کە یەکگرتوو بەشداری کۆنگرەی قاهیرەی کردووە، وە نوسیویەتی و دەڵێت (بەقەدەر خیانەتی پارتەکەیان قورس نابێت بەلای هیچ تاکێکی ئەم میللەتەوە چونکە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان تایبەت پارتی و یەکێتی کە نوێنەری زۆرینەی خەڵکی کوردستانن لە پارتەکەیان خۆش بوو پاش پەشیمان بونەوەیان.... )

لەگەڵ ئەوەی کە من لە نوسێنێکی تریشمدا ئاماژەم بەوە کردووە کە بەشداری یەکگرتوو بەو شێوەیە و بەبێ گەرانەوەی بۆلای جەماوەری گەلی کوردستان لە پرسە نەتەوەیتیەکاندا هەڵەیە، کە پرسی بە سەرکردایەتی سیاسیش کردووە پێش وە پاش گەرانەوەی وەك لە بەیاننامەکەیاندا هاتووە کە دیارە کاك نەورەس ئاگای لەوە نیە.. بەڵام سەرکردایەتی سیاسی بەس نەبوو، دەبوا لە راگەیاندنەکانەوە پاش گەرانەوە لەو کۆنگرەیە پێش هاتەکانی بۆ خەڵکی کوردستان رۆشن بکردایەتەوە..

لێرەدا مەبەست لە نوسینەکەم بەشداری یەکگرتوو نیە.. بەڵکو بی ئاگایی وە یاخود خۆ لادان لەو هەموو راستیانەی کە لەماوەی 16 ساڵی رابردوودا رۆژانە بەرچاومان دەکەوێت، بۆە دەڵێم 16 ساڵ،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چونکە پێم وایە هەردووکمان منیش و کاک نەورەسیش تەمەنی ئەوەندەمان هەیە خۆمان سەرجەم واقیعەکانی ئەو ماوەیە هەڵسەنگێنین، یاخود دیارە کاک نەورەس تەمەنی ئەوەندە نیە کە ئەو هەموو واقعەی بینیبێت وە یان کەسێك بۆی نەگێراوەتەوە، یان بابەتەکەیان بۆ نوسیوە، یان هەر خۆی دەیەوێت وا بینوسێت!!.. بەڵام نوسەری بی مەوقف و کاسبکار بەنوکی خامە بۆ دەستخستنی چەند فلسێك جێگەی نابێتەوە لەنێو ئەو نوسەرانەی کە ئەمرۆ لە کوردستانی باشور و هەروەها ئەو کوردانەی کە لە دەرەوەی کوردستانن دەیانەوی ئازادانە و ڕاستگۆیانە لەسەر ڕاستیەکانی ڕۆژانەی کوردستان بنوسن بۆ ئەوەی ڕاستیەکان بەجەماوەر ڕابگەیەنن و بتوانن ببنە هێزێکی کاریگەر لەسەر دەسەڵات بۆ زیاتر پێش خستنی نیشتمانەکەمان..

مەبەستم لێرەدا ووشەی خیانەتە.. ئایا لەو ماوەی 16 ساڵەدا کاک نەورەس لە خیانەت تێنەگەیشت چییە؟! ئایا خیانەتی گەورە ئەوە نیە کە هێنانی سوپای تورکیا بهێنیت، ئەو تورکیایەی کە جەنابت باسی ئەکەیت، کە هەمان ئەو سوپایەی ئێستەیە کە دەیەوێت هێرش بکاتە سەر کوردستان؟! ئایا خیانەتی گەورە ئەوە نیە کە سوپای ئەو ئێرانە بهێنێت کە جەنابت باسی دەکەیت بۆ لێدانی کوردێکی تر لە کوردستاندا، ئایا خیانەتی گەورە ئەوە نیە کە سوپای بەعس بهێنیتەوە باش 5 ساڵ لە سەربەخۆیی و سەر لە نوی ئاڵای بەعس کە ئەنفالی لەژێردا کردبوو لەسەر پەرلەمانی کوردستان هەڵکرایەوە!! ئایا خیانەتی گەورە ئەوە نیە کە 40 هەزار کوردی دەڤەری سلێمانی ئاوارەی هەولێر بوون و بە هەمان شێوەش چەندین هەزار لە دەڤەری هەولێر ئاوارەی سلێمانی بوون و لە پێناو چیدا؟!! ئایا خیانەت ئەوە نیە کە کۆبونەوە ساز بکەیت بۆ ئەو بەعسیانەی کە کوردیان کیمیا باران کرد و ئەنفال کرد لە هەولێری پایتەختدا بۆ پێکهێنانەوەی حزبێکی تری بەعسی بەناوی حزبی بەعسی دیموکرات؟!! ئایا خیانەت ئەوە نیە کە لەریی دەزگای ئاسایش و پاراستنی کوردیەوە وفیق سامرائی و گەورە بەرپرسانی ڕژێم دەرکران بۆ وڵاتانی دەرەوە لە باتەی ئەوەی بدرێنە دادگا؟؟!! ئایا خیانەتی گەورە ئەوە نیە کە چەندین مستشاری لەوانەی کە لە قاهیرە ئامادەی ئەو کۆبونەوە بوون ئێستە لە دەسەڵاتدان و لەناو هەردوو حزبی یەکێتی و پارتی دان و جێگەی پێشمەرگە ڕاستەقینە خەبات گێرەکانی هاوشێوەی باوکی من و چەندینی تریان گرتەوە؟؟!! ئایا خیانەت ئەوە نیە کە ئەو ئاڵایەی کە ئەنفالی لە ژێردا سازکراوە لە نیوەی کوردستاندا ئەشەکێتەوە و لە نیوەکەی تریشدا قاچاخە؟! و بانێکەو دوو هەوا، ئایا خیانەت ئەوە نیە کە لەسەر مەسڵەحەتی حزبی چەندین لاوی کوردستان خوێنی ڕژێنرا و چەندین ساڵ برا کوژی ئەنجام درا و لەبەر چی بوو؟؟!! سوودی بۆ کوردستان و گەلی کورد و دۆزە ڕەواکەی چی بوو؟؟!! ئایا خیانەت ئەوە نیە کە ڕۆژانە داهاتی کوردستان دەچێتە گیرفانی ئەم مەسئول و ئەو مەسئول و کەسێکیش نیە بلێ ئەوەت لەکوی بوو؟!!..

جەنابت لە نوسینەکەتدا باسی خیانەتی گەورە دەکەیت، باڵام ئایا بەڕاستی نازانیت مانای خیانەت چییە؟ یان ناتەوێت بزانیت؟ یان نایانەوێت بزانیت؟...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.